لەوەڵام بە ئاگاداری شارەوانی سلێمانی بۆ دەستفرۆشان

## نەگەرمای هاوین نە سەرمای زستان... زیادکردنی موچە و بیمەی بێکاران !

**کرێکارانی کەم دەرامەت..بێکاران**

**جەماوەری پێشکەوتنخواز...**

کێهەیە کاری بەرگەرمای هاوین وسەرمای تەزێنەری زستانی لا خۆشبێت ؟ماوەی 15 ساڵە دیاردەی بێکاری و زیادەکاری تەنگی بە جەماوەری ئەم شارە هەڵچنیوە رۆژانە ڕاونان و گرتنی دەستفرۆشان و سوکایەتی پێکردنیان بەبەرچاوی میوانان و دانیشتوانی ئەم شارەوە ئەبینرێت ،ئەمە لە کاتێکدایە کە لە هەموو جیهاندا بۆ هەموو قەیران و کێشەیەك ڕێگەچارە هەیە بەڵام لەپێناوی ئەوەدا کە تێچونی ئەم ڕێگە چارانە کەمتری تێدەچێت لە ڕێگە چارەی شارستانی و ئینسانیانە، هەر بۆیە کاربەدەستانی کوردستان وشارەوانیەکان بەتایبەتی لەشارێکی وەك سلێمانیدا 2006/11/29 دوا ئاگاداری بۆ نەهێشتنی دیاردەی دەستفرۆشی دادەنێن لەڕێگەی هەڕەشەو دواکەوتوترین شێوەی سزا کەهیچ کام لە مافەکانی بونی ئینسان لەبەرچاو ناگرێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە هەمووان ئاگادارن لە بەرزبوونەوەی ناڕەزایەتی جەماوەر لە گرانی بازاڕ و کەمی کرێی کرێکاران وکارمەندان و سەرجەم موچەخۆرانی کوردستان لە لایەکی تریش ئەم گرانیە بۆتە مۆتەکەیەکی بارگران لەسەر شانی ئەو کەسانەی لەو بڕە پارە کەمەی موچەخۆرانیش هەیانە بێبەشن و هەموو ئەرکی دابین کردنی گوزەران و پێداویستیەکان لەم بازاڕە ئازادەی کە بەدیاری بۆ جەماوەری کوردستانیان هێناوە خۆیان دەدزنەوەو ڕۆژ بەرۆژ دەوڵمەندەکان دەوڵەمەندتر دەبن و هەژارانیش ڕیزەکانیان فراوانتر ئەبێت .

**دەستفرۆشان ...بێکاران...کرێکارانی کەمدەرامەت**

پەرشوبڵاوی ڕیزەکانتان هەرچی زیاتر ئەم دەرفەتی سوکایەتی و خۆدزینەوەیە لە چارەسەری کەم وکورتی ژیانتان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە درێژە پێدەدات ، هەربۆیە یەکێتی شوراو سەندیکاکرێکاریەکان لە عێراق و کوردستان بانگەوازتان دەکات لە پێناو ڕێکخستنی خۆتان لە شورا وسەندیکا و یەکێتیە کرێکاری و بێکاریەکانی خۆتاندا و زیادکردنی کرێی موچەخۆران و دانی بیمەی بێکاری بۆ بێکاران پێبەپێی گرانی ئاستی نرخەکانی شتومەك لە بازار بە ڕێگە چارەی هاوچەرخ و ئینسانی دەزانین و ئێمە هەموو کات هاوپشت و قەڵای داکۆکیکەرتانین لە سەرجەم مافەکانتان و هەموو ئەو بڕیارانەی بۆ سوکایەتی و سزادانی دەستفرۆشان بە کارێکی نامەسئولانە دادەنێین و مەحکومە.

ئێمە بانگەوازتان دەکەین کە بێن و لە دەوری دروشمی (کاری گونجاو یان بیمەی بێکاری ) کۆببنەوە و چیتر ژیانی کوللە مەرگی و پەرش و بڵاوی قبوڵ مەکەن چونکە: (هێزی چینی کرێکار لە یەکگرتوویی وڕێکخراوبونیدایە)

نوێنەرایەتی یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکانی عێراق لەکوردستان 2006/11/29